تیشک

زنجیرە کتێبەکانی پرۆژەی تیشک (91)


بەڵێ قورئان پارێزراوە

وەڵامی پرسیارە کۆمەڵایەتیەکان

کتێبی پێنجەم



نووسینی: یاسین ئەحمەد زەنگەنە



24434

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: بەڵێ قوربان پاریزراوە
- نووسینی: یاسین ئەحمەد زەنگەنە
- لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک (٩١)
- چاپی یەکەم - ٢٠١٢
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- تیراژ: ٥٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی شڤان - سلێمانی

ناونیشانی پرۆژەی تیشک لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت:
www tishkbooks com

ئیمەیلی پرۆژەی تیشک:
tishkbooks@yahoo com . info@tishkbooks com

مافی لە چاپدانی ئەم کتێبە پاریزراوە بۆ پرۆژەی تیشک

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی (١٣٧٢) ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێڕست

- پێشەکی ٧
- بەشی حەوتەم، پرسیارە کۆمەڵایەتییەکان ١١
- بۆچی شایەتی دانی ژن نیوەی شایەتی دانی پیاوە؟! ١٢
- فرە ژنی ١٦
- لێدانی ژنان ٢٢
- ژن و جیابوونەوە ٢٦
- ژن و حیجاب ٢٩
- زۆر لێکردن بۆ زەکاتدان ٣٠
- دابەشکردنی دەسکەوتەکان ٣٤
- وەرگرتنی سەرانە لە لە خاوەن کتێبەکان ٣٥
- زۆرکردن لە کەنیزەکەکان بۆ خراپەکاری ٣٨
- پەکخستنی شاهیدیدان و جەڵدە لێدانی شاهیدەکان ٤٠
- جەڵدەلێدانی زیناکەر بە ناشکرا ٤٣
- بەندکردنی هەمیشەیی ٤٥
- تۆڵەسەندنەوە ٤٨
- غەزا کردن ٥٠
- دەمارگیری بێزراو ٥٢
- ئایا قورئان بانگەشە بۆ رق و کینە دەکات ٥٥
- یاسای بتپەرستی ٦١
- ئەویاسایانەی کەوا کۆمەڵگا دەبێزێنێت و رەتی دەکاتەوە ٦٤

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

- پۆل پۆل دێنە ناو ئیسلامەکانەوە ٦٥
- شەڕی سەختی نێوان مسوڵمانان ٦٩
- سەرچاوەکان..... ٧٧

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی

نەیارانی ئیسلام بە گشتی و گاورەکان بەتایبەتی هەر لەسەرەتای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە تا ئەم سانە وەختە بە هەموو شێوازێك دژایەتی ئیسلامیان کردووەو بۆ ئەم مەبەستەش دژایەتی کردنی قورئان لەپەکەمایەتی کارەکەیاندا بووە، چونکە ئەو راستیانەیان زانیوە کە قورئان گەورەترین کاریگەری لە سەر دڵ و دەروون و هەست و نەست و ژیانی مسوڵمانان هەیە، و نهێنی هێزو توانای مسوڵمانان بەهۆی پابەند بوونیانەوەیە بەقورئانەوە، ئەمەو قورئان تاکە کتێبی خوایە، کەوەك خۆی ماوەتەوەو دەستکاری نەکراوە.

هەر خوێندنەوەی قورئان و گوێلێگرتن و تۆێژینەوەی بۆتە مایەی مسوڵمان بوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی نامسوڵمان.

دژایەتی ئیسلام و پەیامە پاك و بێگەردەکەی هۆکاری خۆی هەیەو، چونکە تاکە ئایینە سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و بەربەستەکان بەردەوام لەگەشەکردن و بڵاو بونەوەدایە، ئەوەتا راپۆرتی رێکخراوی لێبوورەیی ئایینی)لەکەنەدا ئاماژە بەوە دەکات ئایینی ئیسلام تاکە ئایینە کەبەردەوام ژمارەی شوێنکەوتوانی لەهەڵکشان و زیادبووندان، و لەکاتێکدا بەردەوام ژمارەی گاورەکان لەکەمبوونەوەدان. بەپێی ئاماری تازەی مەوسوعەی جیهانی ویکیپیدیا ژمارەی مسوڵمانان لەجیهاندا گەشتۆتە (١٥٢٠٠٠٠٠٠) ملیارێك و پێنج سەدو بیست ملیۆن کەس، ئەمەش دەگاتەرێژەی لە ٢٣،٦ ٪

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

کۆی دانیشتوانی جیهان، ڕێکخراوی لێبووردەیی ئایینی پێشبینی دەکات نیسلام ببێتە ئایینی پلە یەک پێش هاتنی ساڵی ٢٠٢٢.

هەڕۆیە بەردەوام هێڕش دەکرێتە سەر ئیسلام و هەوڵی دوورخستنەوەی خەڵکی لێدەدرێت و لەبەرچاوی گەلان ناشیرین دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام کۆنگرەو کۆنفرانس دەبەسترێت، و ملیارەها دۆلار خەرج دەکرێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە قێزەونە.

خوای گەورەش لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی (إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ وَالَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ) الانفال ٣٦.

بەواتای: بێگومان ئەوانەی بێباوەڕن، مالّ و سامانی خۆیان بەخت دەکەن بۆ ئەوەی بەشێنەیی بەربەست دانێن و ڕێگری بکەن لەبەردەم ئایین و ڕێبازی خوادا، جامالّ و سامانیان لەئایندەدا بۆ ئەم مەبەستە خەرج دەکەن! پاشان دەبێتەپەشیمانی و حەسرەت لەسەریان، لەدوایدا شکست دەهێنن، بێگومان ئەوانەش کە بێباوەڕبوون بۆ دۆزەخ کۆدەکرێنەوەو ڕاپێچ دەکرێن. تەفسیری ئاسان لاپەڕە ١٨١ .

هەروەها فەرموویەتی: (يُرِيدُونَ أَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللَّهُ إِلَّا أَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ) التوبة ٣٢.

بەواتای: دەیانەوێت نوورو ئایینی خوا بەقاڵەی دەمیان بکوژێننەوەو خامۆشی بکەن (بەڵام خەیاڵیان خاوە) خوا ناهێڵێت ئاواتیان بێتەدی و هیچ شتێکی تری ناوێت جگە لەوە نەبێت ئایین و نوری خۆی سەربخات ونوری خۆی تەواو بکات و دەری بخات، هەرچەندە کافرو بێباوەڕان پێی سەغڵەت و دڵتەنگ بن. تەفسیری ئاسان لاپەڕە ١٩١.

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

لێرەدا ئامازە بە بەسەرهاتێك دەكەین كەراستی وتەكانمان دەسەلمێنێت، سەرۆك وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا (ویلیام گلادستۆن) لە ئەنجوومەنی عمومی بەریتانیا، قورئانێكی بەدەستەوەگرت و وتی: ئێمە ناتوانین ئیسلام و مسوڵمانان لەناوبەرین تا سێ شت لەناو نەبەین، نوێژی هەینی، حەج، ئەم كتێبە، بەكێك لەنامادەبوان هەستا تا قورئانەكە بدرێنێ و لەت و پەتی بكات، ئەویش وتی: گەمژە من ناوهام ناوێت، من دەمەوێ لەدڵ و هەڵسوكەوتیاندا بیدرێنین. هەروەها وتی: مادام ئەم قورئانە لەدەست مسوڵمانان بێت ئەوروپا ناتوانێت دەست بەسەر رۆژهەڵاتدا بگرێت.

كتێبی ئایا قورئان پارێزراوە؟ لەنووسینی عبدالله فادی، بەشێكی ئەو هەوڵە ئەزۆكانەیە كەدژی ئیسلام و قورئانیش وەك سەرچاوەی یەكەمی گیراوەتە بەر، وەرگێڕێكی نادیاریش بەسەقەتی كردوویەتی بەكوردی و كۆمەڵێ سەرنج و تێبینی داوە، بەهیوای ئەوەی رۆڵەكانی ئەم میللەتە لەدینی هەق و راستی دورخاتەوەو خزمەتێك بەنەیارانی ئیسلام بكات.

بەندەش كەئەركی وەڵامدانەوەی بەشی حەوتەمی كتێبەكەم پێسپێردرا لەلایەن برایانی بەڕێزی(پرۆژەی تیشك)ەوە، كەتایبەتە بەپرسارە كۆمەڵایەتیەكان، وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە سواوانە كارێكی ئەوتۆ نیەو بەڵام داواكرا بەكورتی بێت چونكە خوێنەرانی ئەم سەردەمە زیاتر حەز بەكتێب و نامیلكەی قەبارە بچوك دەكەن.

سبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لااله الا انت

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

سلێمانی، كانوونی یەكەم ٢٠١٢

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library